## ڕوون کردنەوەی دەنگەکان سەبارەت بەگۆشەی پەپوولەکان

کردنەوەی گۆشەی پەپوولەکان لە سایتی دەنگەکان ، هەوڵێکی سادەی ئێمەیە ، بۆخستنە ڕووی دەنگ و دونیای منالآن ، ئەم پڕۆژەیەی ئێمە ، پەنجەرەیەکە بۆ خستنە ڕووی ئەو بەهرانەی کە لە پەنای ڕووخساری پڕ لە بەرائەتی ئەواندا دێ و دەچێ ، ئەوانەی لە تەمەنی گوڵ و پەپوولەدان هەر ئەوەنین کە کوڕمانن کە کچمانن ، ئەوان شەریکی بێ مەرجی زیندووی ژیانی ئێمەن ، ئەوان شەریکی بست بە بستی ئەمڕۆ وسبەینێ ماناو وجودی کۆمەلآیەتی ئێمەن ، ئەوان وەکو ئێمە دەتوانن و لە دەستیان دێ بەو زمانەی قسەی پێ دەکەن ، بەدڵی سپی خۆیان و بەو گلێنە بێ گەردەی دونیای پێ دەبینن ، کاری پڕ لە بەهرەو جوانی بخولقێنن ، گۆشەی پەپوولەکان لە سایتی دەنگەکان باخچەیەکی بچووکە ، بۆ گەورە کردنی ئێمە وا هێدی هێدی گوڵی لێ دەچێنین ، بۆ ئەم مەبەستە گۆشەی پەپوولەکان ڕووی لە دایکان و لە باوکانە ، ڕووی لە خوێنەرانە ، کە ئەم گۆشەیە بە منالەکانتان نیشان بدەن ، هانیان بدەن کە بەشداری تێدا بکەن و خۆیان ئاوی گوڵەکانی بدەن ، شیعرو چیرۆك و نەخش و نیگارەکانیان لە دەفتەرەکانیان دەربێنن و بۆ گۆشەی پەپوولەکانی بنێرن ، گۆشەی پەپوولەکان ئامادەیە بابەتی منالآن بلآوبکاتەوە ، بەهەرچی زمانێك کە ئەم منالآنە قسەی پێ دەکەن و پێ ی دەنووسن ، با بەیەکەوە هاریکاری یەکتربکەین ، باسایتی دەنگەکان بکەینە دەنگی هەموومان .

بەڕێوبەری دەنگەکان

2005\2\7